www.kurdistannet.org
28-5-2003 0:28

بۆ مانەوەی لە بریتانیا دەم و چاوو گوێی دوریوە. . !!

وەرگێرانی لە سویدییەوە: شێرزاد هـــــــــــەینی
Heinisherzad@hotmail. com.

ئەم پیاوە کوردەی ئێران بۆ مانەوەی لە بریتانا پاش ئەوەی ماوەیەك لە خواردن و خواردنەوە مانی گرتبوو، وا ئەمجارە دەم و چاوو گوێی دوریوە، زووتر ویستبووی بە بنزبن خۆی بسوتێنێ. عباس ئەمینی تەمەن ٣٣ سالان، سێ هەفتە بەر ئەم رووداوە مافی پەنابەری وەرگرتبوو، بەلام دادگا چاوپۆشی لێکردبوو. ئەوەش لە رۆژنامەی (گاردیان) بلاوکراوەتەوە.

ئەو لە رۆژانی مانگرتنەکەیدا دکتۆر بینویەتی و داواکاربووە بۆ ژیانی ئاوبخواتەوە، چونکە ژیانی لە مەترسی بووە.

ئەو وتویەتی:

من لە ئێران کۆمەنیست و شاعیر بویمە، لە ئێرانا چەندین جار گیراوم، لە تەمەنی ١٢ سالیییەوە ژیانم لە شاخەکانی کوردستان بەسەربردووە، بەسە دەمەوێ ئازادو سەربەست بژیم، زۆرم ئازارو ئەشکەنجە بینیوە، بەناچاری هاتووم. بەرپرسانی چاودێری مافی پەنابەران دەڵێن کێشەو دوارۆژی ئەو لەدەست بەرپرسانی پەنابەرانە. ئەوەی شایانی باسە عباس ئەمینی لە ئێران ژن و منالێکی سێ سالانی جێهێشتووە.

www.kurdistannet.org